www.kurdistannet.org
30-8-2006 15:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کامەیان بۆشایی دروست کردوە گەنج یان دەسەلات... رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

لە وانەیە بۆ چونەکان لەسەر هەبونی کەلێن لە نیوان دەسەلات وگەنج وەك یەك نەبن... هەندێك پێیان وابێت کەلێن هەیە لە نیوان دەسەلات وگەنج... هەندێکیش بە پێچەوانە لە وانیە بڵێن هەست بە بونی ئەم کەلێنە ناکەین، لێرە دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەگەر کەلێن هەیە ئەوا هۆکارەکان چین... دیارە هۆکار زۆرە تا کەلێن لە نێوان گەنج و دەسەلات دروست بکات، لێرە خالێك هەیە دەمەوێت لەسەری بوەستم هەموو گەنج هەست بە بونی ئەم کەلێینە ناکات دیارە ئەو گەنجانەی دەسەلات وای کردوە لە رەفاهیەتی ژیان بژین ئەوان قەت پێیان وانیە کەلێین هەبێت بۆیە دەکرێت زیاتر قسە لەسەر گەنجی پەراوێز بکەین ئەو گەنجانەی کە کۆلێژ و زانکۆکان لە سیستەمێکی پەروردەیی سەقەت خوێندن تەواو دەکەن و دوایش بۆ تەوزیف بونیان دەبێت ئینتیما بکەن ئینتیما بۆ حزب تا تەزکیەك وەربگرن لە کاتی دامەزارندن... یان ئەوەتا دەبێت لەسەرتای دروست بوونی کەسایەتی خۆی گەنجێکی دەستەمۆکراوی لێدروست بێت یان ئەوەتا دەبێت تا پیربوون رۆلی گەنجێکی بەرهڵستکراوی پر کێشە بینێت ورازی گران بێت لە نێو دەزگا و فەرمانگاو قوتابخانەو... تد

یان دەبێت قسە لەسەر ئەو گەنجە نەخوێندەوارانە بکەین کە چەندین هۆکار هاتۆتە پێشیان تا گەنجێکی ناکامیل بن و نەخویندەوار بن... یان دەبێت قسە لەسەر ئەو گەنجە چکدارانە بکەین کە بە ئیرادەی خۆیان لە چەك هەلگرتن زیاتر هیج شك نابەن تا خۆیانی پی بَژینن بۆیە من دەلێم هەموو هۆکارەکان دەسەلات زروف وباری بۆ رەخساندوە تا ئەو فەراغە هەبێت ئەوان لە چاوی هەندێك گەنجی نزیك لە خۆیان کێشەکان دەبینن و هەست بە بونی ئەم فراغە ناکەن بۆشایەکەش زیاتر خۆی لە بەڵێنە ئێکسپایەرەکانی دەسەڵات دەبینێتەوە کە هەر رۆژە بە شێوازیك خەونی رەنگاو رەنگ نیشانی گەنج دەدەن...

دیارە باس کردنی سولفەی زەواج وشوقە و زەواجی بە کۆمەڵ و تەوزیف بوون نەکردنی سەربازی و... تد هەموی بلێنە ئێکسپایەرەکانی دەسەلاتە بۆیە گەنج لەگەڵ هەبونی ئەم فەراغەی کە لە نێوان خۆی ودەسەڵات هەیە لە خەون وخەیاڵ زیاتر هیج شکا نابەت تا ئەو کاتەی ئالا سپیکە بەرز دەکات و بریاری جی هیشتنی نیشتیمان دەدات و بۆشاییەکە بۆ نەوەیەکی تر جی دەهێلێت بی ئەوەی هەوڵ بدات ئەو بۆشاییە پر بکاتەوە...

لێرەش دەسەڵات بە بۆچونی خۆی هیج گرفتی لەگەڵ گەنج نابێت رێگای پێدەدا وەك ئەوان قسە بکات... وەك ئەوان دەعوەت و دەعوت کاری بکات... وەك ئەوان دیوەخان و پرسەی پیاو گەورەکان بەسەر کاتەوە... وەك ئەوان قات و ریباتی مۆدرێن لەبەر بکات... وەك ئەوان دەست بجولێنی و باس لە گرفتەکان بکات رێگای پێدەدا سەنتەر دامەزرێنێت تا خولی دورمان بکاتەوە... رێگای پی دەدەن قسە لەسەر پێنج ژنی وچوار ژنی بکات... تد زۆر رێگای پێدەدا تا وەك ئەوانی لێبێت و کەسایەتی گەنجی خۆی لە دەست بدات وگەنجێکی جەستە گەنج و بیرو هزر پیری لێدروست بێت...

ئەوان خۆیان قەسدم دەسەڵاتە بە بەرنامە کار بۆ ئەو دەکەن گەنج بی بەرنامە بێت کەی ئەوان لەگەڵ گەنج ئاش بونەوە بە واتای گوێیان لێگرت ئەوا ئەو کاتە گەنج دەتوانێت پرۆژەی هەبێت و قسەی هەبێت کەواتە بوونی پرۆژەی گەنج کورسی ئەوان تۆزێك دەلەرزینێت چونکە ئەوان خۆیان بی بەرنامە کار دەکەن ئەگەر بەرنامە هەبێت پێت وایە پاش 15 ساڵ راپەریبن ناکرێت وێستگەیەکی کارەبامان هەبێت تا لە کاتی تاقکردنەوەکان گەنجان تورە نەکرێن و هەر دەقیقە و جارێك کارەباین لەسەر نەکوژێنەوە ئەوان ئەگەر بەرنامەیان هەبێت ئێمە تەماتە و خیارو گەروز و تور... پیاز لە سوریا لوبنان و ئیران دەهێنین ئەی گەنجی لادی چ دەکات هەر دەبێت بیکەن بە پۆلیس و فەراشی قوتاتابخانە... بۆیە ئەوان دەیانەویت گەنج و دەسەڵات لە روو ئاشنا بن لە ناخ و دڵەوەش دوژمن تا ئەو کاتەی مئمورە بە ناو رۆشەنبیرە بە سڵا چوەکانی ئیزگە و تەلەفزیۆن خۆیان بە گەنج نیشان دەن ولە جیات گەنجان قسە بکەن...